# مام جەلال دەسەڵاتی چیت بۆ زیاد کەن ؟!

دکتور فایق محەمەد گوڵپی
2006-1-15

لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بۆ ماوەی 4 چوار ساڵ بۆ پۆستی سەرکۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی وەك نوێنەری خۆی پاڵاوتووە ، بە شێوەیەکی گشتی هیچکام لە لیستەکانی تری پەرلەمانی عێراق دژی پاڵاوتنی تاڵەبانی نین ، زۆرینەی خەڵکی عێراق بۆ ورگرتنی ئەم پۆستە بە پاڵێوراوێکی شایستەی دەبینن .

لە دوای کوتایی هاتنی هەڵبژاردنی 15-12-2005 بەڕێز تاڵەبانی لە چەندان بۆنەدا ئەوە دووبارە ئەکاتەوە کە ئامادە نیە پۆستی سەرۆك کۆماری وەربگرێت ئەگەر دەسەڵاتی لەو پۆستەدا بۆ زیلد نەکرێت . لێرەدا چەند خاڵێکی گرنگ هەیە ئەبێت هەموو کەس لە بەرامبەر ئەو لێدوانانەی سەرۆك کومار دەربارەی دەسەڵات هەڵوەستەی لە سەر بکات :

1. کاتێك ئەو بەڕێزە ڕەخنەی لە دەسەڵاتی پۆستەکەی خۆیەتی واتای ئەوەیە کە دەستووری هەمیشەیی عێراقی بە تەواوی قبووڵ نیە و بە دەستوورێکی ناتەواو سەیری ئەکات ، چوونکە دەسەڵاتی سەرەك کۆمار بە گوێرەی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە مادە (70) دەستنیشانکراوە ، لەم ماوەیەشدا لیستی شیعەکان هەڵویستی خۆیان دەربارەی هەموارکردنی دەستوور تاییەت بە زیادکردنی دەسەڵاتی سەرۆك کومار بە نەرێنی نیشاندا . بەڵام ئەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێت کە لە مانگی ئوکتۆبەری 2005 دا هەرخۆدی ئەم سەرەك کۆمارە بوو لە سەر شاشەی تەلەفزیۆن ، چەندان تاوان و ناووناتۆرەی بۆ ئەو کەس و لایەنانە بڕیەوە کە دژی (بە بەڵێ ) بۆ ڕەشنووسی دەستوور رهەڵوێست وەردەگرن . لێرەدا پرسیارێك ڕووبەڕووی بەڕێزی دەبێتەوە کە چۆن لە ماوەی 2-3- مانگدا هەڵوێستی خۆی لە سەر دەستوور دەگۆڕیت ؟ ئایا کام هەڵوێستەیان ڕاستە ئەمەی ئێستەی ، یان ئەوەی ڕابوردووی ؟ .

2.عێراق وڵاتێکی فرە ڕەنگە لە سێ ئاوێتەی سەرەکی کورد و شیعە و سوننە پێکهاتووە ، ئەگەری ئەوە زۆرە کە تا چوارساڵی تر پۆستی سەرۆك کۆماری بە دەستی نوێنەری کوردەوە بێت ، بەلام بەو دەسەڵاتە سنووردارەی سەرەك کۆمارەوە لە چاو سەرەك وەزیران ، کە ئەگەری ئەوە هەیە تا دەستور بەو شێوەیە بێت ئەم پۆستە (سەرەك وەزیران ) هەر بە دەستی شیعەکانەوە بێت ،بەم شێوەیەش زوڵم لە کورد و کوردستان دەکرێت . دیارە تاڵەبانی هەر لە ئێستەوە هەستی بەو کەم و کوڕیە جدیە کردووە ، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا ڕووبەڕووی ڕەخنە نەبێتەوە ، هەرلە ئێستەوە مشووری خۆی ئەخوات و ڕەخنە دەگرێت و ئەڵێت من لەو دیاردەیە بەرپرسیار نیمە . بەم شێوەیە لە لایەکەوە خۆی لە بەرپرسیارێتی ئەدزێتەوە ، لە لایەکی ترەوە لەگەڵ حزبەکەیدا ئەو سیاسەتە پەیڕەو دەکەن (هەرخۆیان دەسەڵاتداربن و هەرخۆشیان هێزی ئۆپۆزسیۆن بن ) بەمەش دەرفەتی درووستبوونی ئۆپوزسیۆنێکی شایستە لە باشووری کوردستاندا ئاستەنك ئەکەن . .

3.یان لەوانەیە تاڵەبانی لەو هات و هاوارەی سنوورداری دەسەڵاتی سەرەك کۆماری شتێکی تری مەبەست بێت ، کە مووچە و دەرماڵەی سەرۆك کۆمارە و بە گوێرەی مادەی (71) دەستووری عێراق بە یاسا لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە لە ئایندەدا دەستنیشاندەکرێت . بۆیە هەر لە ئێستەوە فشار درووست ئەکات تا لە کاتی دەرچوونی یاسای مووچە و دەرماڵەی سەرۆك کوماردا لیستەکانی پەرلەمان ئاگایان لێ بێت .